تیشکێک
لەسەر دیاردە
سروشتییەکان
لە شیعری مامۆستا
میرزا ئەحمەدی داواشی

ئەکرەم وەلّەدبەگی

پوختە:

لەم وتارەدا وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پرسیارە سەرەکییەکەمان:
دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی سروشت لە دیوانی میرزا ئەحمەد داواشی دا تا چ ئاست و ڕادەیەکە ؟
یان دەتوانین بپرسین کە
ئەگەر سروشت لە شیعری شاعیر بگرین چی دەمێنیتەوە ؟
دیاردە سروشتییەکان ئاوێنەی باڵانوێنی شیعری مامۆستا داواشین. بەیتێکی نییە شاخێکی لێی نەڕوابێت و سەراوێکی لێ هەڵنەقوڵابێت.
شاعیر هیچ شوێنێکی لە قەڵەم نەخستووە.
وەک سەفیرێکی پێی سپێردراوە، دوند و دۆڵ، مەلە و یاڵ، هۆبە و هەوار، چەم و ڕووبار و بەنەن و باهوو، دەشت و بناری ، یەک لە دوای یەک بینیوەتەوە و لە باڵای شیعردا دایڕشتوون.
لام وا بێت شاعیر لە ناوهێنانی ئەم هەموو دیاردە سروشتییە لە شیعرەکانیدا دوو مەبەستی سەرەکی هەبووە:
١) جوگرافیای نیشتمانی لە شیعردا وێنەکێش کات و گەلانی دەوروبەری بۆ ناساندنی بۆلای خۆی پەل کێش کات .
٢)چون لە قۆناخی خێڵ و و کۆچ و کۆچەریدا ژیاوە و زۆرتری خەڵک گەرمێن و کوێستانیان کردووە و نیشتەجێی شاخ و هەوار بوون؛ شاعیریش بەپێی هەستی خەڵک جووڵاوەتەوە و شیعری بۆ خەڵک نووسیوە؛بۆیە هێندە شیعری میرزا لیوانلێوە لە دیاردە سروشتییەکان.
بە پێی ئەو مەبەستانە ڕوون و ئاشکرایە شاعیر ، خەیاڵی تێکەڵ بە سروشت کردووە و خەیاڵاوی وشەی ئەفراندوە و شاخی نیشتمانی بە شیعری ڕومانتیکی خەملاندووە.
ئەبێت ئەمەش بزانین کە هۆنەر لەو پەڕی شارەزاییدا زۆر وشەی لەباری لە بنزاراوەی جافی و لەڕێگەی ئاماژەدانی بە سەدان دیاردەی سروشتی لە شێعر و هۆنراوەکانی تا بتوانێت بۆ هەمیشە لە فەوتان ڕزگاریان بکات و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کردوون.
ڕێگایەکی سەرەکی بۆ پەروەردە کردنی ڕۆحی نیشتمان پەروەری، شارەزاکردنی نەوەی نوێ بە جوگرافیای وڵاتەکەیەتی؛ کە بەڕاستی شیعری داواشی توانیویەتی ئەم ئەرکە پیرۆزە لەو پەڕی زانشتەوە لە نێو باوەشی دەیان هۆنراوەدا بەجێ بێنێت.

وشە سەرەکییەکان: دیاردە سروشتییەکان، جوگرافیا، شیعر، میرزا ئەحمەد داواشی

پێشەکی:

لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا مامۆستا میرزا ئەحمەدی داواشی لووتکەیەکی بەرز و دیارە، زانایەکی گەورە، شاعیر و ئەدیبێکی باڵادەست و پایەبەرز و لە هەمووی گرنگتر هۆنەرێکی بیرمەند و بیر تیژ و تیژ جواو و فی‌بداهە وێژ بوو.

ئەگەر چاوی تۆێژینمان گرژ بکەینەوە بۆ بەیت و سەراوی وشە بە وشەی ئەم دیوانە ڕەنگین و وەزینە ، گەلێک بابەتی تایبەت ڕامان دەکێشن . ڕەنگە لە نێو گێژاوی وشەی سامالّ و ساکار و خۆمالّی و خۆمانی قەڵەمی مەلە باوێژین بۆ وێژاندن و هەڵکۆڵێن و لێکدان و بووژانەوە.

پرسیارێک لە خۆم و لە نیشتمانی گەرمێن و زۆزانم:

ئەم خەرواڕە وشەیە تا ئێستا لە کوێ ژیاون و لە کام ئەشکەوت و لە پەرژینی کام باخ و کام دووتوێی زمانی بێ زمانان کۆڕیان داوە ؟

بۆ تەنیا بە شمشالّی شەمالّی شاعیر لە حەوت خانی ژەنینەوە دێنە فڕین و لە دێڕ بە دێڕی شیعردا دەنیشنەوە؟

ئەم شاعیرە ئێسک سووک و نەناسراوە دڵنیام زانیویە فەرهەنگی وشەی زمانی لە ڕەوەز و لێرەوار و لاپاڵ و هەوار و کەلار و بن بەرد و داری و لە کۆڵان و کوێرە دێ و لە دڵی بێ زمانی پیران و پۆپ چەرموان و .... خۆی مات داوە تا شاعیرێک و نووسەرێک هەڵکەوێ و سواری قەڵەمی ببێت و برژێنە پێدەشتی کتێب و دیوانی شیعر تا پانتای دەریای بێ کەوناری زمانی کوردی ساز بکەن .

دیوانی شاعیر ، پڕە لە وشەی یاخی و شاخی و پڕاوپڕتر لە وشەی دێرین و وەزین و ئێسک سووک وەک ئاسکەی ئاسێڵان و نەرم وەک ئاوی چۆمی قەرەسوو و زمکان و سیروان .

ئەم دیوانە پێمان دەڵێت :

من بنجێک و ملۆیەک لە وشەم هێنایە گوڵدانی شیعرم بە هەزاران بارگە و جارِ و ملۆی وشە و بە سەدان کانیاوی هەڵنەقوڵاو و کاوانی بەفراوی وشە چاوەڕوانی قامکی بە قەڵەمی شاعیر و نووسەری ئەم نیشتمانەن . چاوەڕوانن کە مادەی خامی نووسین نە لە تاراوگەیە نە لە ئەو جۆگەیە کە بێگانە بۆی هەڵدایناوە

سەراوی سەروای شیعر و کانیاوی کاکڵی شیعر، نیشتمانە. ئەم شاعیرە داسی دروێنەی و کوڵەنگی هەڵکۆڵینی لە جارِ و مەزرا و قەوپاڵی شاخ بەرداوە و هەزاران بەردی چین بە چینی بناغەی دیواری دەرهێناوە .

دیاردە سروشتییەکان لە ئاوێنەی شیعری داواشی :

شاعیری شاخ و پێدەشت و بناری نیشتمانی بەفر و کانی و دار و هەواری پڕاوپڕ لە دەوار و کەلار، بە هەگبەی و کۆڵی ئاوس بە واژەی ڕەسەن ، سواری ئەسپی تەوسەن دەبێ و چوار خشتەی هەستی هەڵبەستی دادەڕێژرێت.

بەن بەن، کۆ وە کۆ باهوو وە باهوو — شەمالّ ئەمانەت، من مەدەم وە تووو
مینگە وە مینگە، هەوار و هەوار — ئێلّ ئەحشامات کۆمار وە کۆمار
بدەین خەمخانەی دلّ وە تالّاندا — گێجێ بخۆین وە ناو کوردە مالّاندا

ئەم شاعیرە سەودا سەرە دواییین بنجی بۆن خۆشی کڵاوەی شاخان دەمژێت و کۆ بە کۆ بە پێ دەپێوێت، لە دەرگای دیوەخانان دەدا تا (دیوان)ی شیعری هەڵگری پێناسەی زمان و فەرهەنگ و بیری خۆشەویستی نیشتمان ببێت.

شاعیر، شەمااڵی خەیاڵی خێڵ خێڵ دەکردە سەفیری شیعر :

پەڕ مەدام وە پەڕ، هەور لە هەواوە، هەوام کەرد پەی، بورج بوڵەندی «شاوە»
شیم وە زاوڵی[1]وە و سەربەرزەوە دیامەوە «پاوە»ی، خۆتەن تەرزەوە
کاوەن سەراوەن، سەیرانەن دەشتەن هەوڵی[2] کەوسەرەن «پاوە» بەهەشتەن
مینگەو و مەنزڵگای، جای نازارانەن خەرمانگای خەرمان، گوڵ عوزارانەن

شەمااڵی خەیاڵی شاعیر دامگە و داوی داخستووە بۆ لە داو خستنی شاخ و مەلە و یاڵ و بەنەن تا لە قاپییەی دیوان و قافیەی قافڵەی شیعری دایانچنێ .

ئەم شاعیرە شکارەوانی (چەم و چیمەن و چەمەن و کەش و کاو و شاخ و داخ و ڕاخ و زاخ هەرد و بەرد و زەرد ...)

قووڵە وە قووڵە، کۆ کۆ کاو وە کاو چەمەن و چەمەن، سەراو وە سەراو
باهوو وە باهوو، لەیلاخ و لەیلاخ تەی کەرە هەڵەت، سەخت و شاخ و داخ
بگێڵە هەتا، مەشی وە جاییە بەرز دڵنشین، پڕ جە سەفاییە
فەزای فەرەح بەخش،چەشم ئەنازێوەن مەنزڵگای شیرین، شەکەر ڕازێوەن

شاعیر شاخە و شاخی پێکاندوە و زنجیرەی زاگرۆس نشینانی لە گەردنی دیوانی هەڵپێکاوە تا جوگرافیای شێواو و لێکدابڕا و لەت کراوی لە شیعردا یەک خاتەوە .

هەتا دوێنێ شاخ پشت و پەنا و دااڵدەمان بوو، کەچی شاعیر، هەموو پیرە شاخی هێنایە پێدەشتی شیعری هەتا تا دواییین هەناسە شیعر پشت و پەنامان بێ. هەتا وشە و زنجیرەی خەت پاڵپشت و پەنامان بێ.

زەهوور کەرد نووری لە سەمت مەغریب کوردستان یەکسان پۆشاو و تەرتیب
شکۆفا بە شاد شکۆفەی باخان پارچەی «ئاویەر» بی وە چراخان
فەڕ بەخشا وە بەزم نەوزوهوورشان بەرز بی لە بەرزان وەجد و شوورشان
مەست بین وە بادەی پڕ کەمااڵ ئەو شاد بین وە شێوەی شەم جەمااڵ ئەو
چوون شەمع نیشت لە جەمع یاران بە شادی وەند شان سروور موبارەک بادی

1: بەرزترین قوڵەی کوێستانی شاهۆیە کە ٣٣٩٠ گەزە و کەوتوەتە ڕۆژهەاڵتی شاری پاوە. ٢: سەراو و سەیرانگا و ئاسەوارێکی مێژووییە لە شاری پاوە .

شاعیر لە مەرسییەی کەریم سولتان دا دەڵێت:

یە چ بادەیوەن سولتان کەردەن نۆش شیرین و شەکەر کەردەن فەرامۆش

منیش ئێژم :ئەی شاعیری هەڵەت و سەختی و بەوبەختی تۆ بە چ شەرابێک:

بویە دیوانەی کەش و دیوەخان وەک شەمالّ دایم لەسەر ئێڵاخان ئەسپی شیعرت تاوداوە و بە هیلە و کورژنی شیعرت نیشتمانت پاراستووە و بە بۆنی هەستی خاوێنت مێژووی ئەم بنارەت لێورێژ کردووە بە سەدان داستانی پڕ لە خەم و خۆشی و ناخۆشی و پڕاوپڕ لە مێژووی تاڵ و شیرین و کارەسات و مەرگی گەورە کەسان و ئەدیبان.

کاکە[1] وەرکاوان بێ تۆ خۆش نیەن هاژەی وەفراوان، بێ تۆ خۆش نیەن
کاکە[1] وەرکەمەر، بێ تۆ خۆش نیەن سەیری، دەشت و دەر بێ تۆ خۆش نیەن
سەیر سەرهەردان، بێ تۆ خۆش نیەن جەرگەی هامفەردان بێ تۆ خۆش نیەن

کورتەیەک لە ژیان و کەسایەتی شاعیر :

ئەحمەد داواشی لە ساڵی هەزار و دوو سەد و هەشتای هەتاوی لە گوندی گەرمەخانی ڕوانسەر سەر بە پارێزگای کرماشان لە دایک بووە.

لە تەمەنی منداڵی دایکی مردووە و یەکەم مامۆستای باوکی بووە کە ئەرکی فێرکردن و بارهێنانی بە ئەستۆ دەگرێت. باوکی شاعیر داواشی محەممەد لە لایەن حکومەتی ئەردەڵانەوە بەرپرسی ئەرکی خەزێنە داری دەبێ وە نازناوی دهباشی یان داواشی پێ دەدەن.

پاش کۆچی دوایی باوکی، میرزا ئەحمەدیش هەر بەم نازناوە بە ناوبانگ بوو، بەڵام لە هۆنراوەکانیدا نازناوی «ئەحمەد» بۆ خۆی هەڵدەبژێریت.

میرزا ئەحمەد پتر لە بیست هەزار دێڕ (بەیت) شیعری هەیە، کە هۆنراوەکانی بە زاراوەی سۆرانی و هەورامین. شیعرەکانی لەگەڵ ئەوەدا کە ساکارن، پڕن لە سۆز و خۆشەویستی و نیشتمان پەروەری و وەسفی سروشتی ڕازاوە و مەرسییە و مەتەڵ و پەند و ئامۆژگاری.

هێندێ لە هەڵبەستەکانی بە شێوەی چیرۆک داناوە وەک شیعرەکانی : حەجی ڕێوی، تۆبەی گورگ و سەنگتراش و مووسا.

زیاتری هۆنراوەکانی شاعیر بە ناوی دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی لە لایەن بنەماڵەی بەڕێزیان لە ساڵی ۱۳۸۹ هەتاوی لە چاپ و پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کراوە.

۱: شاعیر پایە بەرز کوێخا سەیفوڵا یەعقووبی لە ناوچەی دوو چیای ئەڵایەرخانی سەر بە پارێزگای کرماشان .

شاعیری ناسک خەیاڵ پاش حەفتا و نۆ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازی لە ڕێکەوتی سی و یەکی خەرمانانی ساڵی پەنجا و نۆی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە و لەبەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی وەیسی مایەشت لە سەر قولەی میشەکۆ نێژراوە.

ڕەنگدانەوەی دیاردە سروشتییەکان لە شیعرەکانی شاعیردا :

میرزا ئەحمەدی داواشی لە دەمدەمەی زەردەپەڕی خۆرئاوادا لە ڕۆژێکی مانگی گوڵان سەر لە تاقچەی موغاوری خەیاڵات دەربێنێ، ڕوو بکاتە پانای دەشتی بەهەشتی مایەشت، ببینێت وا خوانی زموورِدی لەو دەشتەدا ڕاخراوە،دوو کانچەی گەوهەری پڕ جەوهەری گوڵاڵان خەرمانەیان داوە، هاژەی قەڵبەزەی شەتاوی بەفراوان لەگەڵ نەوای ڕۆح ئەفزای بولبولان تێکەڵاوە.

ڕەشماڵی پڕ لە ماڵی وەک ڕەشخاڵی گۆنای ئاڵی ناو دەسماڵی دڵخوازان هەڵدراوە، جا کە ئەمانە ببینێ ئایا ئەبێ چۆن نەکەوێتە عالەمێکی خەیاڵبازی و چۆن ئەبێ بانگی سەربەستی سروشت بە دونیادا بڵاو نەکاتەوە وە لە کانگای دڵێکی فراوانەوە دەڵێت:

وادەی کۆچی ئێل بەرز دەماخانەن — هەواشان و مەیل، پای ئێلاخانەن
کەش و کۆ جە شەوق، گوڵ چراخانەن — چنوور تەوق بەستەی، هەردە زاخانەن
وەفراوان جارِی، پای موغارانەن — سۆسەن و شەوبۆ، شەیدای بارانەن
وادەی شمارەی، ڕەش دەوارانەن — عیشوە و ئیشارەی، شەدە لارانەن
سەیران سەفای، گوڵ عوزارنەن — وەخت دید و باز، دۆس و یارانەن

هەگبەیە وشەی ڕەسەنی کوردی لە شیعرەکانی داواشی دا :

دیاردە سروشتییەکان و جوگرافیای چوار وەرزی سروشت لە شیعرەکانی مامۆستا داواشی فەرهەنگێکی خنجیلانەی زمانی کوردییە، کە تابلۆیەکی ڕاستەقینەیە بە زمانێکی دەوڵەمەند و بێ هاوتان دەخاتە پێش چاو.

ئەو وەختەی هۆنەر لە هۆنراوەکانی بەهار، شەماڵ و... و باسی دیاردە سروشتییەکان و ژیانی هەوارنشینان دەکات، ئەوەندە وشەی نەبیسراویان بۆ چینی ئەمڕۆ تێدایە کە زۆر جار سەر سوورِ دەمێنیت و ئیقرار ئەکەین کە زمانی کوردی چەندە دەوڵەمەندە و بە داخەوە خزمەتی نەکراوە.

جا با بە وردی بڕوانینە ئەم چەند وشە ڕەسەنە لە زمانی کوردی لە شیعری «شەماڵ ئامانەن» و «شەماڵ و ئاویەر»:

مینگە[1] و مینگە، هەوار و هەوار — ئێڵ‌ئەحشامات[2] کۆمار[3] وە کۆمار
ڕەپێڵگەی[4] ڕاگەی، تەڵمیت[5] بارانەن — هەر ساڵ هەوارگەی، شەدە لارانەن
من وێم نەمەدەم، وە ئاماجشان — تۆ سەر بکێشە وە کۆماجشان[6]
بدارەش وە چەم، وە پێوازە[7]وە — نیشانەش ئێدەن، وە شێوازەوە
شەماڵ بۆ تۆ دز، من پاشکەمانت[8] — ئیمجار وەگیرەن، دەسمە دامانت
تا بێتە خەوا، خۆی ئەدا لە تەل — گۆشە ئەکێشێ، وەک مانگ لە سەر کل[9]
چەرخە چەم[10]، چوون باز، لە هەر سەحەردا — چەرخ ئەدا وە ناز وە ئاویەردا
شەماڵ ئەو چەرخ و چاوە نەدا لێت — خۆت و «ئاویەر» ئاگر بچێ تێت
ئەو ئەوێ وە کل سوبحانی زایەر — تۆ ئەوی وە گەرد سفتەی سەر بایەر[11]

شیعری داواشی لە بەرزەڵانی شاخەوە پیاسە دەکات :

لە شیعری «شەماڵ وەجایە» کە هۆنەر ئەم شەماڵەی بۆ ناوچەکانی سەلاسی باوەجانی و کوێستانی بەرزی دااڵهۆ ناردووە بە ڕاشکاوی بۆمان دەرئەکەوێ کە شاعیر سیمبولی وردەکاری و جوانکاری و خەیاڵی ناسک و بیری مەزن بووە. ئەم چەند بەیتە بەسە بۆ ئاماژە بە شارەزایی شاعیر لە بواری مێژوویی و جوگرافیای نیشتمان.
تەنانەت ئاشنایەتی لەسەر مێژووی ئەم مەڵبەندەش دەردەخات بە بیانووی گەیاندنی نامەی عاشق یاڵ بە یاڵ سەما دەکات و پەنا دەباتە شاخی لە مێژینەی مێژووی گەل کە «باروڵی دانا» لە سەر کێوی دااڵهۆ ژیرانە سەری ناوەتەوە. شاعیر بە ناو هێنانی «باروڵ»(بهلوول) ئاماژەیە بۆ شارەزایی لە مێژووی گەرد گرتووی تەمداوێژی نیشتمانە.

ئامانت بووگەم دەخێل سا شەماڵ — تەی کەرە وەتاو دەر و دوڵ و یاڵ
بەنی بەنیگەز[12]، بەرزی وەزەنە[13] — سەیر کەرە تا سەر، سەراو گەزەنە[14]
چون شنۆی نەسیم ویت لە بەیاندا — بویارە وە بان سەراوشیان[15]دا
مەشامت وە بۆی ، چنوور و شەوبۆ — با پڕ بۆ وە بۆی، فەزای دااڵهۆ[16]
خاترت وەخار، خەم مەبا مەلوول — عەرزم عەرزەکەر، وەبارگەی بالوول[17]

١: هەوار وەز ، شوێنی بەزینی خێڵ ٢: مەروماڵاتی کۆچەرییەکان ٣: گەڕەک - چەند ڕەشماڵێک لە دەوری یەکدا. ٤: گەلەڕێ، کۆچەڕێ.
٥: باروبنەی کۆچەرییەکان بۆ هەوار. ٦: تەختەی نێوان هەسون و ساپیتەی دەوار. ٧: لە پارێزەوە ڕوانین. ٨: چاودێری دز و جەردە
٩: سوورمە ١٠: باڵی چاو دادن. ١١: خۆڵی بێ بایەخ ١٢: کوێستانێکە لە «کۆزەران» تا چەمی «لووشە»ی باوەجانی ١٣: شوێن و بەرزایەکی دڵگێرە لە پێبناری بەنیگەز ١٤: سەراوێکە لە داوێنی بەنیگەزی «ناراو»دا ١٥: سەراوێکی پڕ ئاوە لە داوێنی بەنیگەز بە ڕووی قەڵای میرئاوادا.
١٦: کوێستانێکی بەناوبانگە لە ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان. ١٧: ئارامگەی کەسایەتی پیرۆزی یارسانی لە کوێستانی دااڵهۆ

شیعری شاعیر پەردەی سپی ئەدا بە سەر بێستوونی سیاپۆشدا:

بێستوون وە یاد فەرهاد دیرین　　پۆشا پەردەی تەم جەداخ شیرین
تاقۆسان جەنۆ بەزم خەسرەو بەست　　خولامان سەف سەف کەنیزان دەست دەست

بە دڵنیایەوە تەنیا ناسکی خەیاڵ، تیژی بیر، وردی مانا، جوانی وشە، ڕاکێشانی دڵ و وێنا کردنی دەیان تابلۆی ڕەنگاڵەی هەر لە هەستی پاراوی مامۆستا داواشی دەوەشێتەوە کە بۆ پێشوازی «سیاپۆش»ەکەی بۆ شاری کرماشان بەم جۆرە کە لە «شیعری سیاوپۆشەکەم» لە سنەوە تا کرماشان هەنگاو بە هەنگاو بەم چەشنە گوڵبارانی دەکات.
بەرزی وە بەرزی و دیار وە دیار تاجی زێڕینیان لە سەر دەنێت، پەردەی تەم و خەم لەسەر بێستوون و «پەڕاو» لا ببات و تارای سوور و سپی بووکێنی لە سەریان خەڵات کات.
تاق و سان جارێ تر بۆ گێڕانی سوور و سەما بڕازێنێتەوە. کۆڵانەکانی کرماشان بە زەرق و بە ڕەقەوە ئارایش کاتەوە. نەکیسا و باربوود بۆ پێشوازی ئەم مەحبووبە جوانە بە چەنگ و ئاهەنگ بەزم و شادی شاهانە بگێڕن.
جا میرزا بە سۆزێکی مەعنەوییەوە لاپەڕەی دەورانی ڕابردووی، شکۆی کرماشان دەهێنێتە بەرچاو و لە جۆشی کۆرەی دەروونییەوە دەڵێت:

سیاپۆشەکەم، سیاپۆشەکەم　　وەش ئامای ئەی مای، سیاپۆشەکەم
شۆخەم شیرینم، شەکەر نۆشەکەم　　چون شەکەر وە شیر، تازە جۆشەکەم
گوڵ بۆی گوڵ ئەندام، گوڵ فرۆشەکەم　　نەشتەر دای لە زام، تازە جۆشەکەم
«کرماشان» بە نوور، وێت ڕوخشان کەردی　　چرای بەرق و تۆر پەرێشان کەردی
بازاڕش وا گەرم، پڕ گەوهەر کەردی　　بەخش و مەحاڵەش مونەوەر کەردی
فەیز ئاوا[1] جە فەیز، فەزات ڕوخشانەن　　وە هەر جاش مەدیای، گشت دەرخشانەن
سیلوو[2] سەر ئاسیاو[3]، مەلا میرانی[4]　　جە ئامات پۆشان ، دێبای عەمرانی
پشت بەدەنە[5] تا بەرزە دەماخ[6]　　«سێ ڕای پەهلەوی»تا دامەنەی باخ[7]
دریان بە جەڵای ڕەنگ و ڕووت پەرداخ　　هەرکەس مەوێنوت، هەر مەکێشو ئاخ
سەراو[8] سەرچەمەی سەراوش جۆشان　　کۆسفید[9] دێبای، سفیدی پۆشان
پەڕاو[10] پەڕ تا پەڕ، پەڕ ئەفشانیشەن　　هەر پەڕێ دووسەد، پەڕ نیشانیشەن
«بێستوون» وە یاد، فەرهاد دێرین　　پۆشا پەردەی تەم، جە داخ «شیرین»
«تاقۆسان»جە نۆ، بەزم خوسرەو بەست　　غوڵامان سەف سەف، کەنیزان دەست دەست
نەکیسا[11] بە نەزم ، نەوای عەنبەرین　　بێدار کەرد «خوسرەو»، لە عەشق شیرین
باربوود[12] مەدا ،موژدەی ئامای ئەو　　شۆر شیرین وست،لە قەلب خەسرەو

١،٢،٣،٤،٥: ناوی گەرەکانێکی کۆنی شاری کرماشان. ٦:گوندێک بووە لە قەراخی کرماشانی کۆندا. ٧: سێریان و شەقامێکی سەرەکی شاری کرماشان.
٨: سەراو قەمەری کرماشان لە داوێنی کوێستانی سپی کۆ. ٩: کوێستانێکە لە باشووری شاری کرماشان. ١٠: کێوێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کرماشان.
١١: مۆسیقاڕ و هونەرمەند لە دەرباری خەسرەو پەرویزی ساسانیدا. ١٢: مۆسیقاڕ و هونەرمەند لە دەرباری خەسرەو پەرویزی ساسانیدا.

دیاردە سروشتییەکانی «ئاویەر»لە سەفیری شیعری داواشی:

نسیم کاوان عەتر وەرکەمەر موعتەر کەردەن قولەی ئاویەر
ئەرچی ئاویەر وێش موعتەرەن عەترش نە عەتری گوڵان وەشتەرەن

شابازی خەیاڵی میرزا ئەحمەد هەر دەمێ لە شاخی بوونی گوڵێکی کردووە، دەمێ بە سۆزی پیری پیران و نالە نالی جەرگی دەروێشان، دەمێ بە دەربڕینی گەوهەری نوکتە بە یادی نیازی ئازیزان، دەمێ بە باسی هاژەی ئاوی شەتاوان.

کەوا بوو داواشی هەم خۆشخانی حەق پەرستی بووە، هەم نەوا خوانی بەزمی سەرمەستی.

شاعیر عاشقی سروشت و نیشتمانی جوان و ڕازاوە بووە، جوگرافیای وڵاتەکەی باش دەناسێت لە گەڵێ پەروەردە بووە لە ناسین و ناساندنی جوانییەکانی نیشتمان شارەزا و ماموّستایە.

لەژێر پەردەی فەلسەفە و وردەکاری دا دەستێکی بۆ ئەو دێو پەردەی سروشت درێژە دەکات و دەڵێت:

شەمالّ بۆ بە عەشق مەجنوون و لەیلێ فریاد ڕەسیم کەر، دلّ کەیلەن خەیلێ
وە پەژارەوە شەو نەدەی وە سەر مودارات نەبۆ ،تا وە ئاویەر
سەر و سورەتت بە ڕووی سەفاوە سەفا دەر و ئاو کانیشەفا[1]وە.
چون شای نەو جلووس، زیبای زەڕین ڕەخت وە سەرتەختەوە[2]، بنیشە وە تەخت
سەرچەمەیخزرش[3] یادگاریەن تەماشای شەفای، دەرد کاریەن
تەکیەوچەمەن[4] جای بێ نەزێرشەن فەرش کەردەن چەمەن مونتەزرشەن
خەسرئاوا[5] ئاوا، ئاوای نازشەن وێلّە وێلّە[6] گەل بە دلّ وازشەن

شینگێڕی سروشت لە ئاسۆی خەیاڵی شاعیر:

بەشێکی دیکەی گرنگ و دیاری لە شیعرەکانی داواشی، شین گێڕ یە بۆ چەند کەسایەتییەکی دیاری و ناودار کە گیانی خۆیان لە پێناوی گەل و نیشتمان بەخت کردووە وە لە ناوی دڵی کۆمەڵگایاندا دەژین. کە لێرەدا ناسکی تەبعی شاعیر دەردەکەوێت و پەردەی ئاوریشمی خەیاڵی پیشانمان ئەدا، کە چەند بە جوانی و ڕێک و پێکی دڵتەنگی و سۆز و ئاهو و نالەی دیاردە سروشتییەکان شەریکی خەم و کەسەری خۆی و کۆمەڵگا دەکات. ئەم دیاردە سروشتییانە کە شاعیر لە شیعرەکانی «شەمالّ» و «مەرسییەکان» باسیان دەکات. چین و بەرەی داهاتوو کە شارەزایان لەسەر جوگرافیای زێد و نیشتمانیان زۆر کەمە، دەکرێت بە تێڕوانینی ورد کەڵکی لێ وەربگرن بوو ناسین و شارەزایی لەسەر ژینگەیان.

١: کانی و کارێزێکە لە داوێنی کێوی ئاویەری سنە. ٢: لە ڕابوردودا سەیرانگایەکی دڵنشین بووە لە داوێنی ئاویەردا.٣: کانیاوێکی خۆش بەرژەوەنە لە داوێنی ئاویەری سنە.٤: دوو گەرەکی کۆنن لە باکووری ڕۆژئاوایی شاری سنە. ٥: کۆشکی مێژوویی و بەناوبانگی خەسرەوخانی ناکامە لە سنەی سەربەرزم.٦: لە ڕابوردودا شوێنێکی ڕازاوە و دڵگیر بووە کە ئێستا، گەرەکی «غەفوور» و «شارۆچکەی «کەشاورز»ی سنەی تێدا ساز کراوە.

کەوا بوو با بڕوانینە ئاسۆی خەیاڵی شاعیر لە شیعری شین گێڕی بوو مەرگی ئەو ڕەحمان بەگی وەکیڵی جوانڕۆ کە لە ساڵی ١٣١٧ هەتاوی لە قەسری قەجەری ڕەزا شایی لەژێر ئەشکەنجەی تاریک پەرەستان شەهید کراوە.

لەو ساوە وەکیڵ[١] تەشریفت بەردەن — سەیر سەیرانگات هیچ کەس نەکەردەن
ملەوس[٢] مەلوول ساملە[٣] بەدڕەنگ — نەک چون بیڵەگی[٤]، ویرانەی دڵ تەنگ
چەمەمیرانت[٥] وە بی ناز کەفتەن — چەندیوەن وەکیڵ تیا نەخەفتەن
ساناو[٦] ماتەمەن «شاهۆ» پەشێوەن — شکارگەکانت گشت بێ ساحێوەن
تایوەت ساراوەن[٧] تا سەرکۆی کڵاش[٨] — هەرئان حازرەن تەم و خەم جەلاش
سەرقولە[٩] و بازگیر[١٠]، هەسوونێ[١١] و کاوات[١٢] — و مەرگت هێمای هەرهان وە تەمات
سەرکۆی پیرخز[١٣] کاو گاقڕان[١٤] — حەوشەزەرد[١٥] «ساناو» سەنگی سێخڕان[١٦]
یە گشت لە حەسرەت وەکێڵ پەشێوە. — سەدای ماردەم[١٧] تۆش نەمەنەن پێوە

سروشت و کۆمەڵگا، خولقێنەری شاعیر و شیعرن :

دەماخم بەرز بی، وە بەرزی پەڕاو — وەی تەورە ڕۆژێ نمە دیام وە خاو
هیچ تاقم لە تاق، «کیسرا» کەم نەوی، — ساحێو تاق کەمتر، لە «حاتەم» نەوی

زۆربەی هەڵبەست و هونڕاوەکان ناوەڕۆکێکی بەرزیان هەیە، کە دەربڕینێکە لە ڕەنگدانەوەی باری مێژوویی، کۆمەلایەتی،ڕۆشنبیری و داب و نەریتی گەلەکەمانن. شێعر ئاوێنەی گیانی گەل و بیر و بڕوا و ئامانجێەتی. هەر شیعرێک، کاتێک جوان و کاریگەرە کە لە قوواڵایی هەستی وێژەرەوە هەڵقوابێت.بەشێکی زۆر لە هونراوەکانی مامۆستا داواشی چی گێڕانەوەی ماتەم و نەهاتیەوە وە چی لە وێنا کردنی دیمەنی شادی و بەزم و ئاهەنگ و ئاشتیەوە گرێ دراوە بە باڵای دیاردە سروشتییەکانەوە و هونەر ئەیەوێت بڵێ مرۆڤ و سروشت لە یەک جودا نین.

چنار چنارم[١٨] ئامام وە بەرزە[١٩] — «بەرزە» لە بەرزیم ئامان وەلەرزە
«ئەحمەد» چوون چنار تەن وەلەرزەوە — لەرزانن و بای، بەرزی «بەرزە»وە

١: زیندوو یاد ئەوڕەحمان بەگ کۆڕی ئەوالکریم بەگی شەهیدی مەشروتە. ٢: هۆبە و هەوارگەیەکە لە گوندی «یاریێ» جوانڕۆ. ٣: ملەیکە لە نزیکی گوندی» بێڵەگی» جوانڕۆ. ٤: هاوێنە هەواری وەکیلەکانی جوانڕۆیە لە ڕابردوودا. ٥: گوندێکە لە باکووری شاری جوانڕۆ. ٦: دەشتێکی دڵگیرە لە کوێستانی شاهۆ. ٧: کوێستانێکی بەرز و دڵنشینە لە ناوچەی سەڵاسی باوەجانی. ٨: کێوێکە لە دەڤەری کڵاشی جوانڕۆ. ٩:دۆندی شاخ ١٠: کێوێک لە نزیکی گوندی نۆ خانی سەر بە شاری جوانڕۆ. ١١: چەم و دەراوێکە لە نزیکی ئەشکەوتی کاواتی شوانکارەی جوانڕۆ. ١٢: ئەشکەوت و سەرچاوەیەکە لە نزیکی گوندی شوانکارەی جوانڕۆ. ١٣: کێوێکە لە کوێستانی شاهۆ کە دەڵێن شوێنی تێرامانی پیرخدری شاهۆ بووە. ١٤: ششاهۆ. ١٥: کەو تایی و ناو دۆڵێکە لە کوێستانی شاهۆ. ١٦: کێو و هەردەێکە لە کوێستانی شاهۆ. ١٧: جۆرە چەکێکی کۆنە. ١٨،١٩: دوو گوندن سەر بە شاری گاوارە لە ناوچەی یارسایەکانی پارێزگای کرماشانن.

مامۆستا داواشی بۆ خۆی دەچێتە دونیایەکی ترەوە، «بەرزە»دیمەنێکی ڕازاوە و بەهەشتێکە کە دڵێ هەزار دڵ حەیرانیە.

باڵندەی زەوقی باڵ ئەدا بە سەر شاخ و کێو و هەوار و دەشت و باخ و کانیاوەکاندا، شابازی خەیاڵیشی لە سەر سەرەوە لە ئاسمانی نوکتەزانی و وردەکاری دا لەنگەری گرتووە و تەنها ئیلهامێکی سروشتی نەبێت هیچی تر شاعیری فێری ئەو شتانە نەکردووە، تەنها هەستێکی ناسک و شاعیرانەوە و شەیدایی سروشتییە وای لێی دەکات مامۆستا داواشی بڵێ:

تەشریف بەر وە سەر، قولە[1]ی «ڕوانسەر» خاس وە ئارەزو سەیر و سەفا کەر
هیلّەورِ[2]وا بەرگ، شادی وێش پۆشان لە شادی وە ئەوج، فەڵەک سەر کێشان
قەڵاگە[3] نیان تاج زەرڕِ وە سەر زندە کەرد ئایین، زردشت ئازەر
ڕوانسەر دەشتێ پڕ سەفا و کشتەن ماچی پەی بەهەشت، خودا سرشتەن
تماشای سەراو[4] ڕوانسەر کەرە ئاوش وێنەی ئاو، چەمەی کەوسەرە
تایووت بدیە، وە تەختیزەنگی[5] نیەن ناپەیدا تەخت وەی قەشەنگی
خاکش ماچی خاک، خۆتەن زەمینەن پاتەخت دڵگیر والی نشینەن

١،٢،٣: ناوی سێ کێون لە پشتی سەراوی ڕوانسەر لە باکووری شاردا. ٤: سەراوێکی پڕ ئاوە کە بە ناو شاری ڕوانسەردا تێدەپڕێت. ٥: بەردێکی گرد و سافە کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە تاشراوە و لە لێواری سەراوی ڕوانسەر دانراوە، دەڵێن هی سەردەمی مادەکانە.

ئاکام و سەرئەنجامی ئەم وتارە :

شیعر، تێگەیشتنی مرۆڤە.یان، وتە و داستانێکە لە چوارچێوە و کێشی تایبەتدا .
شیعر هەڵگری فەرهەنگ و کولتوور و شوناسی گەلانە بە درێژایی مێژوو.
لەم وتارەدا وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پرسیارە سەرەکییەکەمان :
«دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی سروشت لە دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی دا تا چ ئاست و ڕادەیەکە»؟
دەبێ لە خۆمان بپرسین :
ئەگەر سروشت لە شیعری شاعیر بگرین چی دەمێنێتەوە؟
سروشت ئاوێنەی باڵانوێنی شیعر ئەدەبی کوردییە . وەک بڵێی هەوێنی ساز و سۆزی زمانی کوردی سروشتە.
بەیتێکی نییە شاخێکی لێی نەڕوابێت و سەراوێکی لێ هەڵنەقوڵابێت. شاعیر هیچ شوێنێکی لە قەڵەم نەخستووە.
وەک سەفیرێکی پێی سپێردراوە، دوند و دۆڵ، ملە و یاڵ، هۆبە و هەوار، چەم و ڕووبار و بەنەن و باهوو، دەشت و بناری، یەک لە دوای یەک بینیوەتەوە و لە جانتای خەیاڵی وێنەیانی گرتووە و لە باڵای شیعردا داڕشتوون...
لام وا بێت شاعیر دوو مەبەستی سەرەکی هەبووە :
١- جوگرافیای نیشتمانی لە شیعردا وێنە کێش کات و گەلانی دەور و بەری بۆ ناساندنی بۆ لای خۆی پەل کێش کات.
٢_چون لە دەورەی خێڵ و کۆچ و کۆچەریدا ژیاوە و زۆرتری خەڵک گەرمێن و کوێستانیان کردووە و نیشتەجێی شاخان بوون و شاخی ژیاون،شاعیریش دەبێت بەپێی هەستی خەڵک جوواڵەوەتەوە شیعری بۆ خەڵک نووسیوە.

بە پێی ئەو مەبەستانە ڕوون و ئاشکرایە شاعیر ، خەیاڵی تێکەڵ بە سروشت کردووە و خەیاڵاوی وشەی ئەفراندوە و شاخی نیشتمانی بە شیعری ڕومانتیکی خەملاندووە . لە چوارچێوەی داستاندا .فەرهەنگ و گۆڕانکاری و کارەساتی سەردەمی گواستووەتەوە تا نەوەی ئەو ڕۆ لە مێژووی خۆیان تێبگەن.
ئەبێت ئەمەش بزانین کە شاعیر لەو پەڕی شارەزاییدا زۆر وشەی لەباری لە بنزاراوەی جافی هێناوەتە نێو شیعرەکانی و بۆ هەمیشە لە فەوتان ڕزگاری کردوون و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کردووە.

پێشنیاز:

- هەر شاعیرێک سەبک و شێوازی تایبەت بە فەرهەنگ و جوگرافیای خۆی هەیە.کەوا بوو تا جوگرافیای ئەو شاعیرە نەناسی شیعریشی ناناسرێن.
- شیعر نوێنەری زمانە . کەوا بوو بۆ بووژانەوەی زمان دەبێت شیعر یەکێک بێت لە سەرچاوەکانی بووژانەوەی زمان و فەرهەنگ.

سەر چاوەکانی ئەم وتارە :

١) حووسین محەممەدی ، دیوان میرزا ئەحمەدی داواشی، چاپی یەکەم، ساڵی ١٣٨٩ هەتاوی، بڵاوکەرەی ئیحسان.

٢) مامۆستا عەلائەدین سەجادی، مێژوویی ئەدەبی کوردی، چاپی دوو هەم ، ساڵی ١٣٩٥هەتاوی، بڵاوکەرەی کوردستان.

٣) دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، بەشی دوو هەم، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨٤ زایینی.

٤) محەممەد عەلی سۆڵتانی، حەدیقەی سۆڵتانی، بەرگی یەکەم، ساڵی ١٣٦٨ هەتاوی بڵاوگەی نادیار.

٥) مەلا عەبدولکەریمی موودەرس، دیوانی مەولەوی، چاپی دووم، ساڵی ١٣٧١ هەتاوی، بڵاوکەرەی محەممەدی سەقز.

٦) جەلال الدین شافیعی کورد، جوگرافیای تاریخی کوردستان، چاپی یەکەم، ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی، بڵاوکەرەی نوالقلم/ تاران.

٧) سالّحی مەلا مەحییدین، سروودیە بادیە چاپی یەکەم، ساڵی ١٣٨٠ هەتاوی، بڵاوکەرەی کوردستان .

٨) یادداشتەکانی نووسەری گوتار (ئەکرەم وەڵەدبەگی).

٩) پێداچوونەوە و دەوڵەمەندکردنی: کاک» سەباح محەممەدی و ئەنوەر وەڵەدبەگی».